١٣٢٤ 1945

# بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## پەسند کراوی کونگرەی شەشەم

ڕێبەندانی ١٣٦٢ ژانویەی ١٩٨٤

# بەشی یەکەم

## بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

سەرەتا :

١ـ لە مێژەگەلی کورد لە پیناوی ئازادی و وەدەست هینانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خویدا خەبات دەکا . سەرانسەری چەرخی نوزدەهەم شاهیدی رابردووی خوینا وی نەتەوەکەمانە . لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا شەری دووهەمی جیهانی ئەو خەباتە هەروا دریژەی هەبووە . لە سەردەمی خەباتی گەلانی ئازادیخوازی جیهان دژی کونەپەرستی و فاشیزمدا ، پیویستییەکی میژوویی بۆ دامەزرانی ریکخراویکی سیاسی کە بتوانێ خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بەریوەبەرێ هەست پیدەکرا ، هەر لەبەرشەوە گەلی کورد لە کوردستانی ئیران لەو وەزعە لەبارەکە پاش بیست سال دیکتاتوری رەزاخان پیک هاتبوو کەلکی وەرگرت و حیزبی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند .

بەو جورە ، دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاکامی پیویستییەکی میژوویی و نیشانەی وریایی وژیری رۆلە پیشرەوەکانی گەلی کورد بوو . لەو دەمەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە رۆلە شورشگیرەکانی گەلی کوردی لە ریزەکانی

خۆیدا کوکردۆتەوە ڕینوین وریکخەری خەباتی دیموگراتی و دژی ئیمپریالیستیکومەلانی خەلکی کوردستانی ئیرانە.

دامەزرانی حیزبیدیموکراتیکوردستان لەمیژووی گەلی کورددابە نوختە گۆرانیکی گرنگ دەژمیردرێ وسەرەتای قوناخێکی نوێی خەباتی نەتەوەکەمانە. بەریبەرایەتی حیزبی ئیمە بووکە نەتەوەیکوردبۆ یەکەم جارلەمیژووی تازەی خوێدا توانیحکوومەتیکینیشتمانیلەبەشیکیکوردستاندا بهێنیتە سەرکار.ئەمحکوومەتەتەنیا یازدە مانگ خوی راگرتولەدوای پاشەکشەی بزووتنەوەیگەلانی ئیران جاریکی دیکە دیکتاتوری نیزامی بالیبەسەرهەموکوردستانیئیران دا کیشایەوە.بەلام گەلیکوردلەخەبات ساردنەبۆوە وبۆوەدیهینانیئامانجە لە میژینەکانیهەروادریژەی بەتیکوشانی خوێدا.

حیزبیدیموکراتیکوردستانیئیران خاوەنی٣٩سال خەباتی پرلەهەورازونشێو وپرلەفیداکاری وگیانبازییە. ئاشکرایە کەحیزبیئیمەلەوماوەیەداکارامەتربووەولەخەباتیگەلیکورد وگەلانیدیکەدەرسیوەرگرتوە.ئەم بەرنامەیەلەهەل ومەرجی ئیستای جیهانو روژهەلاتی نیوەراستوئیران دا بەلەبەر چاوگرتنی ئالوگۆری قوولی سیاسی وپیشکەوتنی کومەلایەتی وزانستیوفەرهەنگی لەجیهاندا وبەوردبوونەوە لە قوناخی ئیستای خەباتی گەلانی ئیران وهەلومەرجی تایبەتیکوردستانی

ئیران، دانراوە.

٢ـ سەردەمی ئیمە سەردەمی رزگاربوونی گەلانی زۆرلیکراو لە ژیر دەسەلاتی ئیمپریالیزم، سەردەمی لاوازبوونی بەرەی دەولەتانی ئیمپریالیستی لەسەرانسەری جیهان، سەردەمی پەیدابوون وپەرەگرتنی سوسیالیزم وسەردەمی پیشکەوتنی هیزە دیموکرات ورزگاریخوازەکان لەهەموو ولاتانە. لەماوەی ٣٩ سالی پاش شەری دووهەمی جیهانیدا ئالوگۆریکی سیاسی ئەوتۆ لەجیهاندا رووی‌داوە کەسیمای سیاسی جیهانی گۆریوە. سیستمی ئیستیعماری لەبەریەک هەلوەشاوەو دەیان نەتەوەی گەورە وبچووک مافی دانانی چارەنووسیان وەدەست هینا وە و دەولەتی سەربەخویان دامەزراندووە.

لەزور ولاتاندا ئەم رەوتە سیاسیە، ئالوگۆریکی قوولی کومەلایەتیشی لەگەلبووە. لەم ولاتانەدا کومەلی دواکەوتووی پیشوو لەنیو چووەو کومەلیکی نوێ وپیشکەوتوو جیگای گرتۆتەوە. چینە زوردار و کونەپەرستەکانی سەربە ئیمپریالیزم دەسەلاتی سیاسیان لەدەست دەرهاتوە وهیزە نیشتمانپەروەرەکان ونوینەرانی چین وتویژە پیشکەوتووەکانی کومەل دەسەلاتیان بەدەستەوە گرتوە.

لەزوربەی ولاتاندا چینی دەرەبەگ وپیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی لەبەریەک هەلوەشاون وریگا بۆ پیشکەوتنی

کۆمەڵ خۆش بووە. بەچەشنێکی گشتی، ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە کە دەتوانن کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەوپێش بەرن، ئازادی کردەوەیان پتربووە ودەرەتانیان بۆ پێک هاتووە بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی باشتر، پێشکەوتووتر وئینسانیتر دروست بکەن.

وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری لەسایەی دەسکەوتەکانی زانست و تێکنیکەوە کە ئیمکانێکی بێ وێنەیان بۆ پێشکەوتنی ئابووری پێک هێناوە، توانیویانە هەڵدانی ئابووری خۆیان خێراتر بکەن. بەڵام لە کاتێکدا ئەو وڵاتانە توانیویانە پایەی ژیانی زۆربەی دانیشتوانیان بەرنە سەر، بە سەدان میلیون کەس لە ئاسیا وئەفریقا و ئەمریکای لاتین ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان دابین بکەن وتەنانەت لە هێندێ وڵاتدا زۆر کەس لەبرسان دەمرن !. ئەمە یەکێک لە گەورەترین ناتەباییەکانی کۆمەڵی ئێستای مرۆڤایەتییە.

وڵاتە ئیمپریالیستییەکان، ئێستاش لە دەسەڵاتی ئابووری وسیاسی خۆیان بۆپاراستنی پێوەندیی نابەرابەری نێونەتەوەیی کەڵک وەردەگرن. ئێستاش نەتەوە زۆرلێکراوەکانی پێشووبەتایبەتی نەتەوە بچووکەکان تەئسیرێکی کەمیان لەدانانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا هەیە وتەنانەت زۆر جار دەبینرێ کە مافە رەواکانیان لەلایەن ئیمپریالیستەکانەوە پێشێل

دەکرێن. لەگەل هەمووی ئەوانەش پیوەندی ئیستعماری پیشوو لەبناخەدا هەلوەشاوە وبەرەیەکی بەرینی دژی ئیمپریالیستی لەولاتانی سوسیالیستی ودیموکرات، لەو ولاتانەی تازە رزگاربوون ولەگەلانی ئەو ولاتانە کە بۆ ڕزگاری خۆیان خەبات دەکەن پیک هاتوە کە بە پشتیوانی بیروڕای گشتی جیهانی، بۆتە عامیلیکی کاریگەر لەدانانی سیاسەتی نێونەتەوەیی‌دا. وەزعێک پیک هاتوە کە نەتەوە بچووکەکانیش پشت ئەستوور بەهیزی خویان وبە کەلک وەرگرتن لەهاودەردی مرۆڤایەتی پیشکەوتوو بتوانن مافە رەواکانی خۆیان وەدەست بێنن وبیانپارێزن.

٣ـ روژهەلاتی نیوەراست لەلیکدانەوەکانی نێونەتەوەیی وبەتایبەتی لە ستراتێژی دەولەتە ئیمپریالیستی‌یەکان دا، گرنگی‌یەکی تایبەتی هەیە. لەباری جوغرافیایی‌یەوە ئەم ناوچەیە کەوتۆتە سێڕێیانی سێقارەی ئاسیا و ئەفریقا و ئوروپا. لەباری ئابووری و سەرچاوە ژێرزەمینی‌یەکانەوە سەدی‌شەستی تەواوی پاشەکەوتی نەوتی ولاتانی غەیری سوسیالیستی لەوناوچەیەدا هەلکەوتوە.

بیجگە لەوانەش، هاوسنووری ناوچەی روژهەلاتی نیوەراست لەگەل یەکیتی سۆڤیتی یەکەمین وگەورەترین ولاتی‌سوسیالیستی، هەروەها دروست بوونی هێندێ دەولەتی دژی ئیمپریالیستی

وبوونیچەند بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی وەک بزووتنەوەی فەلەستین وبزووتنەوەی گەلی کوردو....لەو مەڵبەندەدا بایەخ وگرنگیرۆژهەلاتی نیوەراستیلەحیساب و لیکدانەوەی هیزەکانی نیونەتەوەیی دا زیاد کردوە.

تەواوی ئەم راستیانە بۆتەهۆیئەوەکە ولاتانی ئیمپریالیستی هەموو ئال وگوریکی ئەم ناوچەیە بەوردی بخەنە ژیر چاوەدیری وبەرامبەر بەهەرچەشنە رووداویکی ئەم ناوچەیە لەسەر هەست بنوعکس العمل نیشان بدەن.

٤- ئیران لەماوەی پاش شەری دووهەمی جیهانیدالەباری ئابووری وکومەلایەتی وسیاسی یەوە گۆرانێکی زۆری بەسەر داهاتوە. لەراستیدا ئیران نەیدەتوانی خۆی لەو ئالوگورە قوولە کەبەسەر جیهاندا هاتوە دوور ڕابگرێ. بەلام ئەم ئاڵوگۆڕەی لەئێراندا ڕوویداوە، بەهیچجۆر وەڵامدەری ئیمکاناتی ئابووری وسروشتی ولاتی ئیمەنیە. ئیران ئیستاش هەربە وڵاتیکی دواکەوتوو دەژمیردریا.ئیشتاش زۆربەی زۆری کومەلانی خەلک لەهەژاری ورۆژرەشیدا دەژینا.زوربەی خەلکی ئیران بەتایبەتی لە لادێ هیشتا نەخویندەوارن ولەیارمەتی پزیشکی ودەرمانی بێبەشن.

تەرکیبی کومەلایەتی لادێ تارادەیەکی زۆر گۆراوە.دەربەگ وخاوەن ملکەگەورەکان وەک چینێک لەنیو چوون وجیگای خویان داوە بە بورژوازی لادێ کەلەوردە مالیکەکان وجووتیمارە

دەوڵەمەندەکان پێکهاتوە. مەبەستی ڕێژیمی شاوئیمپریالیزم لەپێکهێنانی ئەوئالوگۆرەبەرینترکردنی بازاری سەرمایەداری لەسەرانسەری ولات وپێک هێنانی بورژوازی لەدێ بوو، کە لەلایەک ببێتە پێگەیەکی کومەلایەتی بۆ ڕێژیم ولەلایەکی دیکەش ڕێگای پەرەپیدانی سەرمایەداری خوش بکا. لە سەنعەتیشدا، ڕێژیمی شابەشی تایبەتی بەزیانی بەشی گشتی بەهێزدەکرد وبۆهێنان ووەکارخستنی سەرمایەکانی بیگانە دەرەتانی لەبارێکی دینا کەدیارەلیرەش دا مەبەست هەر پەرەپیدانی سەرمایەداری بوو. بەمجۆرە، ئیران وەک ولاتیکی دواکەوتووبەگشتی ڕیگای هەلدانیسەرمایەداریگرتبوە پیش؛ ڕیگایەک کەتاقیکردنەوەی زۆر ولاتی دواکەوتوو چەوت بوونەکەی دەرخستوەوبەئاشکرا نیشانی داوەکە بەزیانی کومەلانی خەلکە.

ڕێژیمی حەمەرەزاشا لەسیاسەتی دەرەوەدا بەچەشنیکی گشتی پەیرەوی لەولاتانی ئیمپریالیستی بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەکرد. بیجگە لەئەندامەتیپەیمانی سەنتوکەدەستەبەندییەکی نیزامی ئیمپریالیزموکونەپەرستی دژی گەلانی روژهەلاتینێوەراستبوو، ئیران پەیمانیکی دوو قۆلی نیزامی وزۆرپەیمانی دیکەشیلەگەلولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بەستبووولەورێگایەوەهەزاران راویژکەریئەمریکایی بەسەر ئەرتەشپولیسوژاندارمریدا زاڵ کردبوو.

لەرێژیمی شادادیکتاتوریگەیشتبوەئەوپەڕی؛ شوێنەواریک

لەئازادیودیموکراسی نەمابوو ؛ حیزبەنیشتمانی وپیشکەوتووەکان وسەندیکاوریکخراوەدیموکراتیيە سینفیيەکان هەموو قەدەغە کرابوون، ئازادی بەیان وبلاوکردنەوەخرابوەژێرپێ؛ نوینەرانی مەجلیسی شوورا وسەنا لەلایەن شاوە دیاری دەکران؛ دەسەلاتی قانوون دانان،ودادخوازیوئیجراییهەمووبەدەست شاوەبوون، ئەرتەش وپولیس بەسەرگیان،ومالیخەلک دا زال کرابوون وئیران کرابووبە زیندانیکی گەورە بۆهەموو ئینسانیکی بەشەرەف وئازادیخواز.

بەم جۆرە ناتەباییەکی گرێیی لەنیوان دەسەلاتی سیاسی ئیران وئالوگۆڕی ئابووری وکومەلایەتی، لە نیوان شاودەربارو بەکریگیراوانی ریژیمی شاوئیمپریالیزم لە لایەک وگەلانی ئیران لەلایەکی دیکەوە پیکهاتبوو کەتەنیا ریگایچارەسەرکردنی،شۆرشیکی قووڵی کومەڵایەتی بوو.

٥ـ کوردستانی ئیران لەباریئابووری وکومەلایەتیيەوە ناوچەیەکی دواکەوتویە لەنیو ولاتیکی دواکەوتوودا، ئەگەرچی کوردستان لەباری سروشتی وسامانی ژێرزەمینیيەوە دەولەمەندە، بەلام بەوحالەش یەکیک لەدواکەوتوترین ناوچەکانی ئیرانە.ئالوگوری ئابووری وکومەلایەتی لە کوردستان ناگاتە پلەی ناوچەکانی دیکەی ئیرانیش.وەزعی ئابووری ولەش ساغی وفەرهەنگی دانیشتوانی کوردستانی ئیران زور کەم گوراوە. پایەی ژیان زۆرنزمە وزەحمەتکیشانی

کوردستان لە هەژاری وبێبەشی دا دەژین. دێیەکانی کوردستان لەیارمەتی پزیشکی ودەرمانی بەتەواوی‌بێبەشن.

لەزەمانی شاداکوردستان‌ناوچەی هەرە میلیتاریزەکراوی ئیران بوو. قانوون لەکوردستاندا هیچ مانایەکی نەبوو. مووچەخۆرانی ئەرتەش وژاندارمری وساواک هەموو دەسەلاتیکیان بەدەستەوە بوو.

ستەمی نەتەوایەتی لەهەمووبارەکانی ژیانی سیاسی وئابووری وکومەلایەتی وفەرهەنگی لەکوردستانی ئیراندا، دەهاتە بەرچاو. مووچەخۆرانی دەولەتی لەکوردستان هەموویان لەمەرکەزەوە دیاری دەکران وگەلی کورد هیچ تەئسیریکی لەبەڕیوەبردنی کاروباری ولاتەکەیدا نەبوو. لەگەڵ بوونی ئیمکاناتی سروشتی، هیچ پرۆژەیەکی گرنگی ئابووری وسەنعەتی لەکوردستان دا، جێبەجێ نەدەکرا. هیچ حیزب وریکخراو وسەندیکایەکی سەربەخۆی سیاسی وسینفی ئیمکانی تیکوشانی ئازادی نەبوو. فەرهەنگی نەتەوایەتی کورد دەرەتانی پیشکەوتنی پێ‌نەدەدرا، بلاوبوونەوەی چاپەمەنی بەزمانی کوردی قەدەخە بوو، مندالانی کوردلە یەکەم روژی چوون بو قوتابخانەوە دەبوو بەزمانی فارسی بخوینن وناچاربوون لەقوتابخانەدا بەفارسی پیکەوە بدوین. بەم جورە کوردستانی ئیران کرابوو بە بەندیخانەی گەلی

کورد .

٦- شۆڕشی پڕشکۆی گەلانی ئێران ئەنجامی سروشتی ئەو وەزعە نالەبارەوعکس العملی بێ ئەملاوئەولای دیکتاتۆری پاشایەتی وبەستراوەیی ئەو ڕژیمە بەئیمپریالیزم وبە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوەبوو. گەلانی ئێران بۆ دوایی هێنان بەدەسەلاتی دیکتاتوری پاشایەتی وبۆخاشەبر کردنی دەسەلاتی سیاسی وئابووری ونیزامی وفەرهەنگی ئیمپریالیزم ڕاپەڕینێکی بەردریژ وخوینا وییان بەرپا کرد وسەرئەنجام پاش سالێک خەباتی شلێگیروقوربانیدان، بە بەخت کردنی گیان وماڵوبەدانیدەیان هەزار شەهیدلە ٢٢ی ریبەندانی سالی١٣٥٧دا ، تۆماری تەمەنی٢٥٠٠سالەی ڕژیمی پاشایەتییان تێکەوە پێچا .

بێگومان شۆڕشی خەلکێ ئیران کەگەورەترین هێزی سەر بەئیمپریالیزمی لەناوچەی ڕوژهەلاتی نێوەراستدا لەنێو برد، یەکێک لەگرنگترین ڕووداوە مێژووییەکانی ولاتی ئیمەیەو هەرلەوکاتەشدا دەرسی زۆربەنرخی بۆخەباتکەرانی ریگای ڕزگاری وسەربەخویی تێدابووە. شورشی ئیران نیشانی داکە هەرکات میللەتیک بەلەخوبووردوویی ویەکگرتوویی بیهەوێ داوو زنجیری ژیردەستی بپسێنێ، هیچ هێزیک لەدنیا دا ناتوانێ پێشیپێبگری وسەرەنجام هەموو کەندوکوسپەکانی ریگای سەرکەوتن تەخت دەکا .

ئەگەرچی پەنجا سال دەورانی پرنەگبەتی دیکتاتـــوری ڕەشی بنەماڵەی پەهلەوی، هەموو چین وتویژەکانی خەلکـــی ئیرانی لەدژی ریژیمی سەربەئیمپریالیزمی حەمەرەزاشـــا یەکخستبوو، بەلام زۆر بەداخەوە ماوەی کورتی راپەڕینـــی پرشکۆی خەلکی ئیران دەرەتانی ئەوەی بەهیزە دیموکراتـــی وشورشگیرەکانی ئیران نەداکەبەرنامەیەکی هاوبەش بـــــو سیستمی حکوومەتی دوای ریژیمی پاشایەتی دابریژن ولەبـەر ئەوەش کەهیچ کاملەهیزە نیشتمانیەکانی ئیران بەتەنیـــا لەتوانایدا نەبووکومەلانی بەرینی خەلک لەدەوری خـــــوی کۆبکاتەوەودەسەلاتی سیاسی لەولاتدا بەدەستەوە بگـــــرێ، کومەلیک ئاخوندی بیرتەسک وکونەپەرست بەکەلک وەرگرتـــن لەهەستی مەزهەبی خەلک دەستیان بەسەر دەسکەوتەکانـــــی شورش وبەرهەمی خوێن وفرمێسکی رۆلەکانی گەلانی ئیـــران داگرت ودەسەلاتی پاوان خوازانەی خویان بەسەر ولاتەکەمان دا سەپاند.

لەئەنجامی ئەو وەزعەداشۆرشی ئیران ناکام مایـــەوە ونەیتوانی هیچ کام لە ئاوات وچاوەروانیەکانـــــــی کۆمەلانی خەلکی ئیران وەدی بێنێ. گەلانی تینووی ئـــازادی لەئیران دا بەو مەبەستەبەدەستیبەتال بەگژئەرتەشی پۆشتەو پەرداخی ریژیمی سەربەئیمپریالیزمیشاداچوونەوە وبـــــە

هەزاران کەس لەرۆلەکانیان کردەقوربانی، کەچارێک بۆ هەمیشە دەسەلاتی سیاسی وئابووری ونیزامی وفەرهەنگی ئیمپریالیزم لەئیران دا کوتایی پێبهێنرێ، ئازادیە دیموکراتیەکان لەسەرانسەری ئیراندا دابین بکرین، زەحمەتکیشانی ئیران کەبەشی هەرە زوری دانیشتوانی ولاتن وگەورەترین تەئسیریان لەسەرکەوتنی شورش دا هەبوو. لەهەژاری ورۆژرەشی رزگاریان بێ وگەلانی زورلیکراوی ئیران لەسێبەری ریژیمێکی دیموکراتی دابەمافی رەوای نەتەوایەتی خۆیان بگەن.

بەلام کونەپەرستانی پاوانخواز کەدەستیان بەسەر بەرهەمی خەبات و فیداکاری خەلکی ئیران داگرتوە، بە پیچەوانەی چاوەروانی کومەلانی خەلک ریگایان نەدا هیچ یەک لەو ئاواتە پیرۆزانە وەدی بێن. خەباتی دژی ئیمپریالیستی دەسەلاتی فەرمانرەوا لەچوارچیوەی هێنەدێ دروشمی بێنێوەروک دەرنەچوو. ریژیمی خومەینی لەکاتیکدا خوی بەدژی ئیمپریالیست دەزانێ رەسەنترین هیزە دژی ئیمپریالیستیەکانی ولات سەرکوت دەکا. ئەوریژیمە بە پیچەوانەی پروپاگاندی دەزگا تەبلیغاتیەکانی بەدزیەوە پیوەندی لەگەل ئیسرائیل هەیەوچەک وتەقەمەنی وکەلوپەلی یەدەکی لێدەکرێ. لەگەل سەقامگیربوونی دەسەلاتی

کونەپەرستان، ئازادییە دیموکراتییەکان زۆرخراپتر لـــــە سەردەمی پاشایەتی خرانە ژێرپێ. کومەلانی دەستتەنــــگ وزەحمەتکیشی ولاتی ئیمە زیاتر لەهەموو کاتیک لەگـــــەل هەژاری ونەداری وگرانی وبیکاری بەرەورووبوون وحکوومەتی تازە هیچ چەشنە هەنگاویکی بۆچارەسەری هەزاران گیروگرفتی ژیانی ئەوان هەلنەهینایەوە. گەلانی زورلیکراوی ئیرانیش نەک هەربەمافی رەوای خویان نەگەیشتن بەلکوو وەلامی هەموو داخوازەکانیان بەئاگروئاسن درایەوە.بەکورتی ریژیمـــــی ئیران بەپیچەوانەی ئیدئیعاکانی، تەواوی کاروکردەوەکانی لەگەل قازانج وسیاسەتی ولاتانی ئیمپریالیستی یـــــەک دەگرێتەوە وراستەوخویان ناراستەوخو لەخزمەتی ئەواندایە.

ریژیمی خومەینی وەک میراتگریکی بەئەمەگ بو ریژیمی حەمەرەزاشا لە هەموو سیاسەتیکی دژی گەلیدا چەندیـــــن هەنگاوی لەریژیمی پێشوو تێپەراند. ئەگەر ریژیمی شـــا ئیرانی بەرەو سەرمایەداری دەبرد ودیفاعی لە سەرمایـــە- دارانی نێوخۆ وبیگانەدەکرد، دەسەلاتی دژی گەلی خومەینـی بەناوی دین ومەزهەب دیفاع لەسەرمایەداری دەکا وخـاوەن ملکیەتی تایبەتی سەرمایەداران بە بەشیکی خودایـــــی دەزانێ کەنابێ دەستی تێوەردرێ. ئەگەر حەمەرەزاشا وەک دیکتاتوریک قانوون ومەجلیس ودام ودەزگا دەولەتیەکانـی

بەشیوەیەکی غەیرەقانوونی خستبوە ژیرچۆکی خۆی، خومەینی باری شەرعی وقانوونی بەوشیوە دیکتاتورییەدا وەومل کەچی بۆزەبر و زەنگی کونەپەرستانەی دیکتاتوری بەئەرکیکی ئایینی دانا وە ئەگەر لە ریژیمی پاشایەتی دا وای مافی نەتەوایەتی بۆگەلانی زور لیکراوی ئیرانوەک کوردوئازەربایجانی وعەرەب وبەلووچ و تورکمەن بەتاوان دەزانرا ،لە ریژیمی خومەینی دا ئیرانی بوون ودیفاع لە شانازییە میژووییەکانی ئیرانیش بە گوناهیکی گەورەو بەپیچەوانەی فەرمانی خودا لەقەلەم دەدری.

دیکتاتوری ئاخوندی نەک هەرهیچ بیروباوەریکی موخالیفی خوی ناتوانی تەحەممول بکا ،بەلکو هەرگەمل هەربیریکی جیا لە بیری کونەپەرستانەی خوی-با موخالیفیش نەبی-بەتوندی دوژمنایەتی دەکا .لە ماوەی کەمتر لە پینج سالف ەرمانرەوایی ریژیمی بەناو ئیسلامی دا ،خومەینی زۆرزیاتر لە پەنجاوچوارسالی دەورانی پاشایەتی پەهلەوی لە ئازادیخوازانی ئیرانوئەندامانی هیزە دیموکراتییەکان ئیعدامکردوە.

خۆئەگەربمانەوێ باسی کوردستان بکەین ،دیمەنی دزیوی دیکتاتوری نوێ زۆرباشتر وبیپەردەتریش دەردەکەوێ. لە گەل ئەوەی گەلی کورد وەک بەشیک لە گەلانی ئیران چالاکانە لە شورشی سەرتاسەری ولاتێ ئیمەدا بەشدار بوو، هەرچەندی گەلی کورد لە ریگای نوێنەرانی خویەوە هەموو توانای خوی

بەكارهێنا بوئەوەی لەریگای ئاشتی و وتوویژەوە بەلانی کەمی مافە رەواکانی بگا ، حکوومەتی کونەپەرستی خومەینی نەک هەر ملی بۆداخوازە بەرهەقەکانی خەلکی کوردستان رانەکیشا ، بەلکوو بەپیچەوانە لەشکری کیشایە سەرو دەستووری قەتلّی عامیدا . تەنانەت کاربەوەشەوە نەویستا و خومەینی بەپیچەوانەی ئایینی ئیسلام فتوای جیهادی لە دژی گەلی موسولمانی کورد دەرکردورشتنی خوینی کیژولاو و ژن وپیاوی خەلکی کوردستانی بەحەلاڵ زانی.

بەوجورە ریژیمی کونەپەرست و خوینمژی خومەینی دوژمنایەتی خوێ لەگەڵ هەموو ئاوات وئامانجەکانی گەل ولەگەل هەموو قانوون ونیزامیکی نیونەتەوەیی نیشان داوە ولە دژی تەواوی هیزە نیشتمانیەکانی ئیران ئیعلانی شەری کردوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لەو بڕوایەدایە کەبو رزگاری ئیران لەژیر باری زولم وزور ودیکتاتوری و بۆگێرانەوەی شورشی ئیران بۆ سەرڕێبازی پیشکەوتووانەی خوی، پیویستە ریژیمی کونەپەرست وسەربە ئیمپریالیزمی خومەینی برووخێ ولەجیگای ئەو، ریژیمیکی دیموکراتی دابمەزرێ کەداخوازەکانی خەلکی ئیران وەدی بینێ. حیزبی ئیمە لەوبروایەدایە کەپاش رووخانی ریژیمی خومەینی

پێویستە دەوڵەتان بەخەڵکی ئێران بدرێ کەبەئـــازادی نێوەرۆکی سیستمی کوماری دڵخوازی خویان دیاری بکـــەن ومەجلیسی دامەزرێنەران( مؤسسان) بۆدانانی قانوونـــی ئەساسی کوماری نوێ پێک بێ.

٧- بوگەیشتن بەئامانجی بنەرەتی گەلی کورد کـــە پیک هینانی خودموختاری لەچوارچێوەی ئیرانێکی‌دیموکراتـــی دایە ، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران یەکیەتی هیزە دیموکراتی ونیشتمانی‌یەکانی ئیران، بەشەرتیکی ئەساســـی دەزانی. حیزبی ئیمە پێی‌وایە بوئەوەی شورشی ئیران جاریکی دیکە تووشی بی‌بەرنامەیی نەبی ودەسکەوتەکانی بەتـــالان نەچن، پێویستە هەر لە ئیستاوە هیزە سیاسی‌یە بەراستـــی شورشگیرەکانی ئیران لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بـــو داوروژی ولات ، یەک بگرن ولەبەرەیەکی یەکگرتوودا لـــە دەوری یەکتر کۆببنەوە.

بو پیک هینانی ئەو یەکیەتی‌یە ، حیزبی ئیمە هـــەم دژی شۆوینیزمی ئیرانی کەحاشا لەبوونی گەلی کورد دەکـــا وهەم دژی ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی کورد کەریژیمی خومەینی وگەلانی ئیران لیک جیا ناکاتەوە ، خەبات دەکا . هـــەم شۆوینیزمی ئیرانی وهەم ناسیونالیزمی بەرچاوتەنـگی کورد هەر دووکیان دوژمنی یەکیەتی گەلانی ئیرانن. هەر لـــەو کاتەدا حیزبی ئیمەلەوباوەڕەدایەکە لە هەل ومەرجـــی

ئیستادا مەترسی گەورە، شۆوینیزمی مەزنی خوازی ئیرانی‌یە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران زیاتر لە چوارساڵە کەراپەرینی خەلکی کوردستان دژی پەلاماری دڕندانەی ڕیژیمی خومەینی بەلیوەشاوەیی وکارامەیی‌یەوە ڕینوینی دەکا. خەبات وتیکوشان وگیانبازی وقوربانی دانی‌ئەندامان ولایەنگران وپیشمەرگە قارەمانەکانی حیزب، نفووز وخوشەویستی حیزبی ئیمەی لەنیو کومەلانی خەلک دا، زور زیاتر لەجاران بردۆتەسەر. حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیستا نەک هەر حیزبی خوشەویستی هەموو خەلکی کوردستانی ئیرانە بەلکوو جیگای ریز وخوشەویستی گەلانی دیکەی ئیران و ریکخراوە پیشکەوتنخواز ودژی‌ئیمپریالیستی‌یەکانی ئیران وەدەرەوەی ئیرانیشە. دروشمی ستراتیژیکی حیزبی ئیمە-دیموکراسی بو ئیران وخودموختاری بو کوردستان - بوتە دروشمی بنەرەتی هەموو خەلکی کوردستان وهیزە پیشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئیرانیش پشتیوانی لی دەکەن.

زیاتر لە دووسال لەپەسند کردنی بەرنامەی پیشووی حیزبی ئیمە لە لایەن کونگرەی پینجەمەوە ڕادەبری. بەرنامەی ئیستا کە لە کونگرەی شەشەمدا پەسند کراوە وەلامدەری هەل ومەرجی نوێی ولاتەکەمانە. هەل ومەرجیک کە پاش سەقامگیر بوونی دیکتاتوری ڕەشی خومەینی پیک هاتوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بەرنامەی خـــوی دەخاتە پیش چاوی خەلکی کوردستان ولەهەموودانیشتوانـــی کوردستان؛ کریکاران، جووتیاران، زەحمەتکیشانی شار ودێ، رووناکبیران، قوتابیان، خویندکاران،کارمەندان، پیشـــەـ سازان وبازاریان، داوادەکا کە بۆ جێبەجێ کردنی ئـــەم بەرنامەیە تێبکۆشن. ئەندامان ولایەنگرانی حیزب دەبـــێ بەرنامەکە بەرنە نیو کومەلانی خەلکی کوردستان وبەندەکانی بۆخەلک شیبکەنەوە وبیروڕای حیزبی ئیمەلەبارەی مەسەلـــە سیاسی وئابووری وکومەلایەتی وفەرهەنگیەکانەوە بو ئەوان بەیان بکەن. هەروەها پیویستە خەلکی بەشەکانی دیکـــەی ئیرانیش لەداخوازە بنەرەتیەکانی خەلکی کوردستانوحیزبی ئیمە شارەزابن.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران گەورەترین هیـــزی سیاسی کوردستانی ئیرانە. ئیستا دەبێ تێبکۆشین هیـــــزی بیپایانی گەلبوجێبەجێکردنیبەرنامەیحیزبەکەمان بکەوێتەکار، ئەو کاتەیە کە بەرنامەی حیزبەکەمان دەبێتە هیزیکی ماددی توانا ودەتوانێ مافەرەواکانی گەلیکورد لەچـــوارچیوەی ئیرانیکی دیموکراتیدا وەدی بێنێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ئامانجەکانی خـوی لەم بەرنامەیەدا گونجاندوە. وەدی هینانی ئەم ئامانجانـــە

لەئەستۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە کەلەچوارچێوەی
ولاتی ئیراندا دادەمەزرێ.

*****************

# فەسلی یەکەم:

## ئامانجە گشتی یەکان

١- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران حیزبی پێشڕەوی خەلکی کوردستانی ئیرانە وشانبەشانی هێزە پیشکەوتووەکانی سەرانسەری ئیران بۆلەنێوبردنی دەسەلاتونفووزی سیاسی وئابووری ونیزامی وفەرهەنگی ئیمپریالیزم وبۆ پاراستنی سەربەخویی ئیران ودامەزراندنی ڕیژیمیکی دیموکراتی ولەپیناوی وەدەست هینانی مافی دانانی چارە- نووسی گەلی کورد لەکوردستانی ئیران دا ، خەبات دەکا .

٢- ئامانجی دوا ڕوژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران پیک هینانی کومەلیکی دیموکراتیکی سوسیالیستی‌یە .

٣- دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دابین کردنی **دێموکراسی‌بوئیران وخودموختاری بو کوردستانی ئیرانە .**

٤- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لەخەباتی ڕزگاریخوازانەی هەموو گەلان دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا ودژی ڕیژیمە زوردار و

کونەپەرستەکان پشتیوانی دەکا ولایەنگری ئاشتی ودۆستایەتی گەلانی هەموو ولاتانە.

---

# فەسلی دووهەم:

## بنچینەکانی ئەسلی خودموختاری

٥ـ ناوچەی خودموختار هەموو خاکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە.چوارچیوەی جوغرافیایی ناوچەی خودموختاری کوردستان بەلەبەر چاوگرتنی هۆیەکانی جوغرافیایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتوانی هەرکاملە ناوچە کوردنشینەکان دیاری دەکرێ.

٦ـ لەناوچەی خودموختاری کوردستان دا هەموو دەسەلات بەدەست خەلکەوەیە کە بەهوی نوینەرانی خویان لە شوورای بەرزی کوردستان دا بەکاری دێنن.

٧ـ کاروباری پێوەندیەکانی دەرەوە ( سیاسی وئابووری)، دیفاعی میللی ( سوپا )،دانانی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری وسیستمی دراوی لەژیر دەسەلاتی دەولەتی مەرکەزی دایە. بیجگە لەوانە، سەلاحیەتی بەرێوەبردنی دەزگای دەولەتی لە کوردستان بە دەستحکوومەتی خودموختاری کوردستانە. خەلکی ناوچەی خودموختاری کوردستان وەک هەموو هاونیشتمانانی خویان لەسەرانسەری ئیران دا لەریگای

قانوونی‌یه‌وه وبه‌بێ هیچ چه‌شنه جیاوازیه‌ک له‌به‌ڕێوه بردنی کاروباری ولات دا به‌شدار ده‌بن.

٨- شوورای به‌رزی کوردستان به‌رزترین ئورگانی‌قانوون دانانی ناوچه‌ی خودموختاری کوردستانه. نوێنه‌رانی شوورا له‌ریگای هه‌ڵبژاردنێکی گشتی، وه‌ک یه‌ک، راسته‌وخوونهێنی‌یه‌وه، هه‌ڵده‌بژێردرێن. ژن وپیاو له‌هه‌ڵبژاردن و هه‌لبژێران دا مافی وه‌ک یه‌کیان هه‌یه.

٩- شوورای به‌رزی کوردستان حکوومه‌تی خودموختاری کوردستان دیاری ده‌کا. حکوومه‌تی خودموختاری کوردستان به‌رامبه‌ر به‌شوورای به‌رزی کوردستان به‌رپرسه.

١٠-پاراستنی هیمنی ونه‌زمی نێوخۆی ناوچه‌ی خودموختاری کوردستان له‌ئه‌ستۆی هیزی پیشمه‌رگه و ئورگانه ئینتیزامی‌یه‌کانی دیکه‌ی خودموختاریه. ئه‌رکی ئه‌رته‌ش، دیفاع له سه‌ربه‌خۆیی وسنووره‌کانی وڵاته وحه‌قی نیه ده‌ست له‌کاروباری پاراستنی هێمنی ونه‌زمی نێوخۆیی وه‌ربدا.

١١- زمانی کوردی زمانی ره‌سمی خویندن ونامه‌نووسینی نیوان ئیداره‌کان له‌ناوچه‌ی خودموختاری کوردستان دایه وله‌هه‌مووقۆناخه‌کانی خویندن دا مافی خویندن به‌زمانی کوردی بۆدانیشتوانی ناوچه به‌ره‌سمی ده‌ناسرێ. زمانی فارسی له‌ناوچه‌ی خودموختاری کوردستانیش دا هه‌ر وه‌ک شوینه‌کانی

دیکەی ئیران زمانی رەسمی یە ولەقوتابخانەکان دا لەگەڵ زمانی کوردی دەخوێندرێ. نامەنووسینی ئیدارەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان بۆ مەرکەز وناوچەکانی دیکەی ئیران وهەروەها بوئیدارەکانی سەربە دەوڵەتی ناوەندی لەناوچەی خودموختاردا ،بەزمانی فارسی دەبێ.

هەموو دانیشتوانی غەیری کورد، لەناوچەی خودموختاری کوردستان دا بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی خویان ئازادن ومافی خوێندن بەزمانی خویانیان هەیە.

---

# فەسلی سێهەم:

## مافەکانی دانیشتوانی ناوچەی خودموختار

١٢- هەموو ئەوماف وئازادیانە کەلە بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی سەربەم بەیاننامەیەدا هاتوون، وەک ئازادی عەقیدە وبەیان، ئازادی چاپەمەنی، ئازادی پێک هینان وتێکوشانی حیزب وریکخراوە سیاسی‌یەکان،یەکیەتی‌یەکان وشووراکانی‌کریکاری و جووتیاری وسینفی، ئەنجومەنە دیموکراتی‌یەکان، ئازادی هەلبژاردنی کاروجیگای دانیشتن و ئازادی ئایین ومەزهەب لەناوچەی خودموختاری کوردستان دا هەر وەک هەموو ناوچەکانی دیکەی ئیران دەستەبەر دەکرێن.

هەموو دانیشتوانی کوردستان بەژن وپیاوەوە هەروەک دانیشتوانی ناوچەکانی دیکەی ئیران بەبێ هیچ جیاوازی دانانێکی جنسی، قەومی، رەگەزی و مەزهەبی لەمافی کومەلایەتی وئابووری وسیاسی وفەرهەنگی وەک یەک کەلک وەردەگرن.

١٣- حکوومەتی خودموختاری کوردستان یارمەتی پەرەپیدانی ناوەندەئایینیەکان دەداولەباری‌ماددی ومەعنەوی‌یەوە کومەک بەریبەرانی نیشتمانپەروەری ئایینی دەکا.

١۴- ژن وپیاو لەنیو خیزان وکومەلدا، مافی‌وەک یەکیان هەیە وبو کاری وەکیەک مووچەی‌وەک یەک وەردەگرن.

---

# فەسلی چوارەم:

## سیاسەتی ئابووری وکومەلایەتی

١۵- دابین کردنی پیشکەوتنی ئابووری لەریگای بەرنامەدارشتنێکی زانستی‌یەوە لەناوچەی خودموختاردا لەئەستوی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. بوقەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووری کەبەرهەمی‌ستەمی نەتەوایەتی‌یە دابەش کردنی داهاتی گشتی بوودجە بەچەشنیک دەبێ کەبەشی دانیشتوانی ناوچەی خودموختاری کوردستان

بەپێی ڕادەی دواکەوتوویی زیاترلە داهاتی نێونجی سەرانەی وڵات بێ.

١٦ـ ڕێگای ئەسڵی پیشکەوتنی ئابووری کوردستان وسەرانسەری ئیران سەنعەتی کردنی وڵات بەپێی دەسکەوتەکانی زانست وتەکنیک لەلایەک وپیداویستی وئیمکاناتی سروشتی وڵات لەلایەکی دیکەوەیە. پیک هینانی ئالوگۆڕێکی بنچینەبی ئابووری وکومەلایەتی کەبو سەنعەتی کردن پیویستە، یەکیک لەبنەرەتی‌ترین ئەرکەکانی دەولەتی مەرکەزی‌وهەروەها حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

١٧ـ حکوومەتی خودموختاری کوردستان بەهۆی بەشی گشتی ئابووری‌یەوە کەبەشی بنەرەتی بۆ پیشکەوتنی ئابووری‌یە، سەنعەتی پیشکەوتوو لەکوردستان دادادەمەزرێنێ ولە سەنعەتە خۆوڵاتی ونەتەوەییەکانیش پارێزگاری دەکا. لەتەنیشت بەشی گشتی ئابووری، بەشی هەرەوەزی وتایبەتیش لەسەنعەتی کردنی وڵاتدا بەشدار دەبن.

١٨ـ سەرچاوە ژیرزەمینی‌یەکان وهەروەها ئاو ولێڕەوار ولەوەڕگەکان کەبەسامانی گشتی دەژمێردرین، میللی دەکرێن و حکوومەتی خودموختاری کوردستان بەهاوکاری دەولەتی‌مەرکەزی بەقازانجی هەموخەلکی ئیران کەلکیان لێوەردەگرێ.

١٩ـ زیادکردنی بەرهەمی کشت وکاڵ لەرێگای میکانیزە کردن وبەکارهێنانی شیوەی زانستی لەکشت وکاڵدا، هەروەها

هەواڵنامەی کتێب

دارشتنی بەرنامەی بەراوکردن وهەڵبەستنی بەند، بەشیکی گرنگی سیاسەتی ئابووری حکوومەتی خودموختاریکوردستانە.

٢٠- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بو پەرەپیدانی بازرگانی نیوخۆوبرەوپیدانی کەسب وکاروپیشەسازی لە کوردستان دا، تیدەکوشێ. هیندیک لەوپرۆژە ئابووریانە کە جێبەجێ کردنیان بەهۆی بەشی گشتیەوە لەقوناخیکی دیاری کراودابەقازانجی پیشکەوتنی ئابووری ولاتنیە، بەبەشی تایبەتی دەسپیردرین ولەریگایدیاری کردنی نرخ بۆ بەرهەمەکان ودانانی مالیاتی دەولەتیەوە، سنووریک بو پەرەگرتنی سەرمایەیتایبەتی دادەنرێ. مەبەست لەو کارە کەڵک وەرگرتن لە هەمووسەرچاوەیەکی ماڵی بۆ پێشخستنی ئابووری کوردستانە.

٢١- بەرەو ژووربردنی پایەی ژیانی خەلک وبەتایبەتی زەحمەتکیشانی کوردستان، نیوەرۆکی ئەسلی سیاسەتی ئابوری حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. ئەم حکوومەتەهەموو هیز وتوانای خۆی وەکاردەخا بوئەوەی زۆربەی دانیشتوانی کوردستان کە لە هەژاری وبێبەشیدادەژین، لەم وەزعە رزگاربکا وژیانیکی شیاوی ئەم سەردەمەیان بو دابینبکا. یەکەم هەنگاوی گرنگ لەو بارەیەوە ئامادە کردنی خانوو- بەرەی لەبار بەپێی رێ وشوێنێ لەش ساغی بۆ زەحمەتکیشانی شارولادێیە.

هەواڵنامەی کتێب

٢٢- ئەسلی چل سەعات کار لەحەوتوودا لەهەموو جیگایەک دێتە دی. ئەو کریکارانەی کاری سەخت دەکەن دەبێ سەعاتی کاریان کەمتربێ. لانی کەمی هەقدەستی کریکاران بەپێی خەرجی بەرێوەچوون دیاری دەکرێ ولەگەڵ چوونەسەری خەرجی گوزەران زیاددەکرێ. کریکاران بەرامبەر پێشهاتەکانی کارونەخوشی وپەککەوتەیی وپیری، بیمە دەکرێن. ئەومندالانەی تەمەنیان لەپازدەسال کەمتربێ نابی کاریان پێبکرێ. بوکەمکردنەوە وپاشان خاشەبرکردنی بیکاری، دەبێ هەلومەرجی ئابووری و کومەلایەتی پیویست پێک بهێنرێ.

٢٣- زەوی هی ئەو کەسەیەکەکاری لەسەردەکا. هەربویە دەبی لەشیوەی ئیستای مالیکییەتی زەویدا، ئالوگۆریکی گرنگ بەقازانجی دێنشینانی زەحمەتکێش وبێزەوی رووبدا. حکوومەتی خودموختاری کوردستان هەموو چەشنە یارمەتی یەک بوپەرە پێدانی ئەو شیرکەتە هەرەوەزی یانەی کشتوکاڵ دەکا کە جووتیاران بەدلخوازی خویان پێکیان دێنن وجگە لەوانەش، کێڵگەی هەرەوەزی دەولەتی پێک دێنێ.

٢٤- حکوومەتی خودموختاری کوردستان دەبێ یارمەتی وەرزێران بداتا بتوانن ئامرازی کشتوکال بوخویان دابین بکەن. هەروەها پیویستە بەرهەمی کشت وکاڵیان بەنرخیکی باش لێبکرێ وبو پەرەپیدانی کاروباری کشت وکال قەرزی

دریژماوەیان بەسوودی کەمەوە بداتێ. جووتیاران لەپیش دا بەرامبەر بەپیشهاتەکانی کارونەخوشی وپاشان بەرامبەربە پیری وپەککەوتەیی بیمە دەکرێن.

٢٥- حکوومەتی خودموختاری کوردستان سەرنجیکیتایبەتی دەداتە ئاژەڵداری. لەوەڕگەکان بەپێی شەرتی لەبار بە ئاژەلداران دەسپێرێ وریگای دروست وزانستی ئاژەڵداریيان فێر دەکا.

٢٦- پاریزگاری موحیتی ژیان، سەرچاوەسروشتییەکان، لێرەوارەکان، دەریاچەکان وپاریزگاری حەیوانات بەتایبەتی حەیواناتی ڕاوی باڵندە وپێڕۆ وماسی، یەکیک لەئەرکەکانی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە. هەربۆیە دەبێ لە ڕاوی بیسەرەوبەرەی حەیوانات پێشگیری بکرێ ولە هەڵبژاردنی جۆر وجێگای سەنعەتی تازە ولەلیدانی رێگا وکیشانی ریگای ئاسن دا بۆ پاریزگاری موحیتی ژیان ولەبەرچاوگرتنی هاوهەنگاوی سروشت، وردەکارییەکی زۆر ڕەچاوبکرێ وبایەخی پیویست بەپاراستنی بینا وشوێنەوارە کۆنەکان بدرێ.

---

# فەسڵی پێنجەم:

## سیاسەتی فەرهەنگی ولەش ساغی

٢٧- هەموومنداڵانی کوردستان چ کچ،چ کوڕ، تا پازدەسالی دەبێ بخوێنن. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ لەنیو بردنی نەخویندەواری بەپەلە هەنگاو هەڵدینێ. لەناوچەی خودموختاری کوردستان دا دابین کردنی خەرجی خویندنی سەرەتایی لە ئەستوی دەزگای دەولەتی‌یە وخویندن لە قۆناخەکانی دیکەدا بەخۆڕایی‌یە. یارمەتی حکوومەتی خودموختار لەوبارەوە، قوتابخانە ئایینی‌یەکانیش دەگرێتەوە. حکوومەتی خودموختاری کوردستان خەرجی منداڵانی کریکارانو جووتیاران وهەموو زەحمەتکیشانی کەم داهات لەتەواوی فێرگە پیشەیی‌یەکان وهونەرستانەکان دا، دابین دەکا و خەرجی خویندنی منداڵانی بلیمەت وهەڵکەوتووی زەحمەتکیشانی کەم داهات لەزانستگە وفیرگە بەرزەکانیش دا وەئەستۆ دەگرێ.

٢٨- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بوبەرەوژوور - بردنی پایەی فەرهەنگی گەل ودامەزراندنی بنکەی فەرهەنگی وزانستی وپەروەردەی بەدەنی وەک فەرهەنگستان، سینەما ،

هەواڵنامەی کتێب

تێئاتری میللی، بنکەی وەرزشی، فێرگەبەرزەکانوزانستگەکان بەخێرایی هەنگاو هەڵدێنێ.

٢٩-بایەخدان بەپێشکەوتنی زمان وئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لەنووسەران وهونەرمەندان وزانایانی کورد، ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

٣٠-ڕووناکبیرانی کوردستان بەپێی لێوەشاوەیی خویان، کاریان دەدرێتێ. حکوومەتی خودموختاری کوردستان سیاسەتێک بەرامبەربە ڕووناکبیران وپسپۆڕان دەگرێتە پێش کە بەدلگەرمی ولەخوبووردنەوە خزمەتی نیشتمانی خویان بکەن.

٣١- حکوومەتی خودموختاری کوردستان بوبەرەوژوووربردنی پایەی لەش ساغی هەموو خەڵک، تێدەکۆشێ وبۆخاشەبڕکردنی ئەو نەخۆشییانەی لەکوردستان دا بڵاوبوونەوە، بەتوندی خەبات دەکا وهەلومەرجێک پێک دێنێ کەهەموو خەڵکی کوردستان بتوانن لەیارمەتی خۆڕایی پزیشکی ودەرمانی کەلک وەرگرن. حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ دامەزراندنی ئاسایشگە، شیرخۆرگە وزایینگە هەنگاوهەڵدینێ وبو بەخێوکردنی نقوستان وبەساڵداچووانی ڕەبەن وبێخاو وخیزان بنکە وبنیاتی تایبەتی دادەمەزرێنێ.

---

# فەسڵی شەشەم:

## سیاسەتی دەرەوە

لەسیاسەتی دەرەودا کەلەسەلاحییەتی دەوڵەتی مەرکەزی دایە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێ‌دادەگری کە:

٣٢- دەولەتی مەرکەزی ئیران سیاسەتێکی دەرەوەی بێ لایەن(غیر متعهد) وسەربەخۆ بگرێتەپیش ولەگەڵ هەموو دەولەتان لەسەر بنچینەی ریزگرتنی یەکتر وناسینی‌هەقی حاکمیەتی نیشتمانی ودەست وەرنەدان لەکاروباری یەکتر پیوەندی دابمەزرینێ ولەگەڵ ولاتانی سوسیالیستی وئەو ولاتانە کە سیاسەتیکی دیموکراتی ودژی ئیمپریالیستی‌یان هەیە، پیوەندی دوستانە پێک بینێ.

٣٣- دەوڵەتی مەرکەزی لەخەباتی رزگاریخوازانەودژی ئیمپریالیستی گەلان ولەمافی دانانی چارەنووسی نەتەوەکان بەدەستی خویان، پشتیوانی بکا.

٣٤- دەولەتی مەرکەزی ئیران لەنیو ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ولە دەرەوەی ئەو ریکخراوە لە ئاشتی جیهانی وپیکەوە ژیانی بەئاشتی لەنیو گەلان دا، پشتیوانی بکا ولایەنگری چارەسەری گیروگرفتە نیو

نەتەوەییەکان لەرێگای وتوووێژەوە بەبێ بەکار هێنانی زۆربێ.

٣٥- ولاتی ئیران ببێتە بنکەیەک بو یارمەتی بەخەباتی رزگاریخوازانەی گەلانی زورلیکراوی جیهان وبەتایبەتی رۆژهەلاتی نیوەراست وپەنای سیاسیبەهەموو ئینسانیکی نیشتمانپەروەرو ئازادیخواز بدا.

لەچوارچیوەی ئەو سیاسەتەدا بەئاگاداریوپەسندی دەولەتی مەرکەزی حکوومەتی خودموختاری کوردستان لەهەموو ئیمکاناتی خۆی بو کۆمەگ بەخەباتی رزگاریخوازانەی تیکوشەرانی کورد لەولاتانی دراوسێدا، کەڵک وەربگرێو پەنای سیاسی بەهەموو کوردیکی نیشتمانپەروەر بدا.

************************

# بەشی دووهەم

## پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# بەشی دووهەم

# پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## ماددەی یەکەم: ناو ونیوەرۆکی حیزب

١ـ ناوی حیزب: "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران".

٢ـ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران حیزبی شۆرشگیری خەلکی کوردستانی ئیرانە وبەتایبەتی کریکاران، جووتیاران وروونا کبیرانی شۆرشگیر لەریزەکانی خویدا، کۆ دەکاتەوە.

٣ـ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لەتیکوشانی سیاسی خویدا لە تیئوری زانستی پەرەئەستاندنی کۆمەڵ پەیرەوی دەکا.

---

## ماددەی دووهەم: ئەندامانی حیزب.

هەمووها ونیشما نیکی دا نیشتوی کوردستانی ئیران وهەموو کوردیکی ئیرانی دەتوانی ببیتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بە مەرجیک:

ـ تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ ٠

ـ بەرنامە وپیرەوی نیوخوی حیزب پەسند بکا ٠

ـ بەئینسانیکی نیشتمانپەروەرو پێشکەوتووبناسری

**تێبینی:** کوردەکانی غەیری ئیرانی دەتوانن لەریکخـــراو وئەنجوومەنەکانی لایەنگری حیزبی دیموکراتـــی کوردستانی ئیران دا ببنە ئەندام ٠

---

## مـــاددەی سێهەم : شەرتەکانی وەرگرتنی ئەندام ٠

بوئەوەی کەسێک بەئەندام وەربگیرێ پیویستە:

ـ دوو ئەندامی حیزب ناسێنەری بن ٠

ـ لانی کەم شەش مانگ لەژێرتاقیکردنەوە دابێ ٠

ـ لەلایەن زوربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزبی یـــان ئورگانیکی بەرەوژوورترەوە وەربگیرێ ٠

ـ ئەندامی حیزب وریکخراویکی سیاسی دیکە نەبێ ٠

---

## مـــاددەی چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب ٠

ئەرکی سەرشانی ئەندامی حیزبە کە :

ـ بۆوەدی هینانی ئامانجەکانی حیزب کە لەبەرنامە دا هاتوون تێ بکۆشێ ٠

- بەهەموو تواناوە بۆ پاراستنی یەکیەتی فیــــریو تەشکیلاتی حیزب هەول بدا .

- بەپێی پیرەوی نیوخو ، پەیرەوی دیسیپلینی حیزب بێ .

- لە یەکیک لەئورگانەکانی حیزب دا تیبکوشی .

- نهینییەکانی حیزب بپاریزی .

- پلەی زانیاری سیاسی وکومەلایەتی روژبەروژبەریتەسەر .

- سیاسەتی حیزب بەریتە نیو کومەلانیخەلک وپیوەنـدی لەگەلئەوان بەهیزبکا ولەبیرورا وتاقیکردنەوەیان کەلک وەرگری .

- هەقی ئەندامەتی بدا .

---

## مـاددەی پێنجەم : مافەکانی ئەندامی حیزب .

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیەکە :

- بەئەندامی هەرکام لەئورگانەکانی حیزب هەلبژیردری .

- لە هەموو ئەندامیک یان ئورگانیک لەکوبوونەوەکانی حیزبیدا رەخنە بگری .

- لەریگای تەشکیلاتییەوە بەهەموو ئورگانیکی حیزبی پیشنیار بکا ، بیرورای خوی پیبلی ، یان پرسیاری لیبکا .

- لەهەرئورگانیک لەلای ئورگانی سەرەوەتر شکایەت بکا .

- لەهەموو کوبوونەوەیەکی ئورگانی خوی دا کە تیکوشانی

حیزبی و سیاسی ئەو بەراورد بکا وبیهەوێ بڕیاری لە سەربدا ، بەشداربێ .

---

## ماددەی شەشەم : سزادانی ئەندام .

١ـ ئەو کەسانەی ئەرکی خویان بەجێ ناگەیەنن یان بەپیچەوانەی پیرەوی نیوخوی حیزب دەبزوونەوە یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن کە زیان بە ئیعتیبارى حیزب دەگەیەنێ، بەپێی ڕادەی تاوانەکەیان سزا دەدرین.سزای حیزبی بریتی یە لە :

- سەرکونە بە دەم .
- سەرکونە بە نووسراوە .
- ئەستاندنەوەی لێپرسراوی .
- هەلپەساردن ودەرکردن لەحیزب. دریژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێراو لە ماوەی هەڵپەسێران دا ، خاوەنی مافەکانی ئەندامی حیزب نیە.

٢ـ سزای حیزبی لەلایەن ریکخراوی حیزبی هەر ئەندامێکەوە، بە زۆربەی دەنگ دیاری دەکرێ .

٣ـ مەبەست لەسزادانی حیزبی، پێگەیاندنی ئەندامانە وتەنیا ئەوکاتە ئەندام سزادەدرێ کە ڕێگای دیکە وەک

رەخنە وئاموژگاری لەباشکردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ .

٤- ئەندامی دەرکراو هەقی هەیە لە ئورگانی سەرەوەتر داوای پێڕاگەیشتن بکا ودەتوانێ ئەو داوایە بۆکونگرەش بنێرێ .

---

## ماددەی حەوتەم: قەوارەی حیزب .

١- ئەسلی بنەڕەتی داڕشتنی قەوارەی حیزب سانترالیزمی دیموکراتییە .

٢- سانترالیزمی دیموکراتی بەو مانایەیەکە :

- هەموو ئورگانیکی حیزبی لەخوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ .

- ئورگانەکانی حیزب بەرێک وپێکی تیکوشانی خویان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیان بژاردوون وهەم بە ئورگانی سەرەوەتر دەدەنەوە .

- ئەندام پەیرەوی ڕێکخراوە و کەمایەتی ئەندامان پەیرەوی زۆرایەتی ئەندامانە .

- لە نیو حیزب دا بو هەموو ئەندامان وبێ جیاوازی یەک دیسیپلین هەیە .

- بڕیاری ئورگانەکانی سەرەوەتر دەبێ لەلایەن

ئورگانەکانی خواروو ترەوە جێبەجێ بکرێ .

- باسکردن وبریاردان لەبەرزترین ئورگانەوە تا خوارووترین ئورگان بە کومەلە . تەکپەرستی وسەرەرۆیی لە حیزب دا جێگای نیە .

---

## ماددەی هەشتەم : کۆنگرەی حیزب .

١- بەرزترین ئورگانی حیزب کونگرەیە .

٢- کونگرەی حیزب هەر دووسال جاریک لەئەندامان و جێگرەکان و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی وبەرادەیەک کە کومیتەی ناوەندی دیاری دەکا لە نوینەرانی هەموو ئەندامانی حیزب پێک دی .

٣- کونگرەی نائاسایی لەسەر داخوازی کومیتەیناوەندی یان سێیەکی هەموو ئەندامانی حیزب بانگ دەکرێ .

٤- ئەرک ودەسەلاتی کونگرە ئەمانەن :

- باسی راپۆرتی کۆمیتەیناوەندی دەکا وبریاری لەسەر دەدا

- ڕێبازی گشتی سیاسی ستراتیژی وتاکتیکی حیزب دیاری دەکا .

- بەرنامە وپیرەوی نیوخوی حیزب پەسند دەکا وئەگەر پێویست بوو دەسکاری یان دەکا .

ـ ئەندامانی ئەسڵی وجێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێری.

تێبینی :کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کومیتەی ناوەندی کە لانی کەم دوو ساڵ رابردووی تێکۆشانیان لە حیزبدا هەبێ .

---

## مـــاددەی نوهەم : کونفرانسی حیزب .

١ـ کونفرانسی حیزب لەکاتێک دادەبەسترێ کە :

ـ دەرەتانی بەستنی کونگرە نەبێ .

ـ گیروگرفتێکی وا هاتبێتە پێش کە کومیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا .

ـ لەهەل ومەرجی وادا کونفرانس سەلاحییەتی کونگرەی هەیە .

٢ـ کونفرانس لە ئەندامانی ئەسڵی وجێگروموشاویرانی کومیتەی ناوەندی ونوینەرانی کومیتەکانی شارستـــان وکۆمیسیۆنەکانی سەربە کومیتەی ناوەندی پێک دێ .

---

## مـــاددەی دەهەم : کۆمیتەی ناوەندی .

لەماوەی نیوان دوو کونگرەدا کومیتەی ناوەنـــدی بەرزترین ئورگانی حیزبە وکاروباری حیزب بەرێوەدەبا .

٢ـ ئەرک ودەسەڵاتی کومیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە :

ـ بریارەکانی کونگرە جێبەجێ دەکا .

ـ مەسئوولی پێوەندی حیزب لەگەڵ حیزبەوریکخراوەکانی دیکەیە .

ـ دەفتەری سیاسی وسکرتیری گشتی حیزب وجیگـــــری سکرتێر هەڵدەبژیرێ کەبەرامبەر بە کومیتەی ناوەنـــدی بەرپرسن .

ـ رادەی هەقی ئەندامەتی ئەندامانی حیزب دیـــاری دەکا ومەسئوولی داهات ودەرچوونی حیزبە .

ـ ئایین نامەی نیوخویی بۆکاروباری خۆی ودەفتـەری سیاسی دادەنی .

ـ ئایین نامەی کومیسیونەکانی سەربە کومیتــــــەی ناوەندی پەسند دەکا .

ـ لانی کەم چوار مانگ جارێک کۆدەبێتەوە .ئەندامانی جیگروموشاویرانی کومیتەی ناوەندی لەکوبوونەوەکانـــی کومیتەی ناوەندیدا بەشدار دەبن ودەنگی مەشوەرتیـیـان هەیە . کوبوونەوەی نائاسایی لەسەر داوای دەفتـــەری سیاسی یان زوربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پێک دێ.

تێبینی :کومیتەی ناوەندی لەکاتی پیویستدا دەتوانـێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی موشاویربۆخـــوێ هـــــەڵبژێرێ .

---

## مـــاددەی یازدەهەم: دەفتەری سیاسی .

١ـ لەماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی دا، دەفتەری سیاسی ئەرکەکانی کومیتەی ناوەندی وەئەستۆ دەگرێ ومەسئوولی جیبەجی کردنی بڕیارەکانی کومیتـــــەی ناوەندیيە .

٢ـ دەفتەری سیاسی کوبوونەوەکانی خوی بەڕیک وپیکی پێک دینێ وراپۆرتی تیکوشانی خویدەدا بە کوبوونـەوەی کومیتەی ناوەندی.

---

## مـــاددەی دوازدەهەم : ریکخراوەکانی حیزب .

١ـ بناخەی ریکخراوی حیزب شانەیە . ژمــــــارەی ئەندامانی شانەنابێ لە سێ کەس کەمتر بێ .

٢ـ ریکخراوەکانی حیزبی لەدێ کومیتەی دێ، لەناوچە کومیتەی ناوچە، لەگەڕەک کومیتەی گەڕەک، لەشار کومیتەی شارولەشارستان کومیتەی شارستان بەریوە دەبا .

٣ـ ئەرکی شانە وکومیتە کانی دێ وگەرەک و ناوچـــە وشار وشارستان، گەیاندنی سیاسەتی حیزب بو نیو کومەلانی خەلک وجیبەجی کردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندی وبەریوە بردنی کاروباری حیزبیيە .

٤ـ کومیتەی هەر ریکخراویک لەلایەن ئەندامانی ئـــەو

ریكخراوه یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەلدەبژێردرێ .

٥ـ بەرزترین ئورگانی هەرریكخراوێك كونفرانسی ئەو ریكخراوەیە كە لانی كەم دوو سال جارێك لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبی ئەو ریكخراوە پیك دێ .

---

## مادەدەی سیزدەهەم : داهاتی حیزب .

داهاتی حیزب بریتی یەلە :

- هەقی ئەندامەتی ئەندامانی حیزب .
- داهاتی بنكە وبنیاتەكانی حیزب .
- یارمەتی ئەندامان ولایەنگران ودۆستانی حیزب .

*****************
***************
*******
**
**

***************************************************************
کومیسیونی ئینتیشارات و تەبلیغاتی کومیتەی ناوەندی

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران
***************************************************************